

# شەرابی ڕەش و دڵە شکاوەکەی دڵبەند

چنوور نامیق

هەمیشە دڵپڕم بۆ ئەو هەورانەی کە تووڕەبوونیان لە یەک ئەدەنەوە، چاوی بەخوڕی ئاسمان وێنەی(دڵبەند)ی بیر ئەهێنامەوە کە چۆن فرمێسکەکانی بەخوڕ ئەبارین و هەندێکیانی قوت ئەدا.

ئەو ڕۆژەی هەواڵی مەرگی دڵبەندم بیست، تووشی شۆک بووم، ئەو هەمیشە لەگەڵ (هەراسان) دەتوت تاقە دووانەی عەشقن و هیچ دووانەیەکی لەم جۆرە نییە بتوانێ لە عەشقکردن بگاتە ئەوان.

بەپەلە خۆم گەیاندە نەخۆشخانە، هەر لە دەرگای نەخۆشخانەکەوە ستافێ کچی خوێن شیرین و گەنجی لێهاتوو بەگوڵی سپییەوە چاوەڕوانی تەرمەکەیان ئەکرد، پێشوازییان لێ کردم، هەر هەموویان قاتی شین و کراسی سپی بە بۆینباغیان بەستبوو، چاوەکانیان وەک شەرابە سوورەکەی کە دڵبەندی مەست ئەکرد، سوور ئەچوونەوە.

کە تەرمەکەیان بەڕێ کرد و پرسەیان بۆ دانا، هەندێ لەو ژنانەی بیریان لە کولتوور و عەیبە ئەکردەوە، یەکەو بوختانێکی نارنجییان ئەدایە پاڵی، یەکێک ئەیوت خیانەتی لە مێردەکەی کردووە، یەکێک ئەیوت ئاخر چۆن خیانەت لە پیاوێکی بەڕێز و میهرەبانی ئاوها دەکرێ.

ژنێک ئەیوت هەرگیز وا نییە ئەوان بەبێ یەکتر هەڵیان نەئەکرد، ئیدی گوێم پڕ بوو لە هاتوهاواری ئەو ژنانەی لافی پاکییان لێ ئەدا و خۆیان ڕۆژانە ستەمیان لە مرۆڤەکان ئەکرد.

دڵبەند کە بەردەوام لە فریشتە ئەچوو، بەڵام لە تابلۆکانیدا خوا نەمابوو شکاتی لا نەکات.

لە ڕۆژی لێکۆڵینەوەکە نامەکەم گەیاندە دەستی دادوەرەکە و پێم وت ماوەیەک بەر لە ئێستا دڵبەند ئەو نامەیەی دامێ و وتی مەیکەرەوە تا خۆم پێت ئەڵێم.

لە (هەراسان)یان پرسی بۆچی دڵبەند دەستی چووە خۆی و بەم شێوەیە وازی لە دنیا هێنا ؟

ئەو بەبێ ئەوەی پایەی ئەو ژنە هونەرمەندە ڕەچاو بکات کە هەموو خەڵکی بەدڵ خۆشیان ئەویست، وتی: نازانم،

ئەو نەخۆشیی دەروونی هەبوو.........

ئەمە یەکێک بوو لەو بوختانانەی کە خۆی پێ دەرباز دەکرد، چونکە هەرگیز دڵبەند ئەو کەسە نەبوو کە دەستی لە دنیا بەربێ، ئەو بە لێوی سووری نامەکەی مۆر کردبوو، دادوەرەکە وتی ئەم نامەیە تەنیا وێنەیە، ئەی ئەم مۆرە سوورەی بەلێو کراوە چییە؟

ئەو لێی پرسیم دڵبەند قەت باسی خەمەکانی خۆی لای تۆ کردبوو؟

وتم نەخێر بەڵام هەندێ جار هەندێ قسەی فڕێ ئەدا، بۆ نموونە ڕۆژێک کە هەواڵی خۆکوشتنی ئافرەتێکی ئەخوێندەوە لە ڕۆژنامەیەک پێی وتم:

هەڵوێست گیان من گاڵتەم بەو ژنانە دێ کە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، چما گوناهـ نییە من خۆم بکوژم و دانەنیشم خۆشەویستی و داپڕانی عاشقەکان بکەمە تابلۆ؟

پاشان وتی :

ئەزانی ئەگەر بەدەستی من بوایە شەوم نەئەهێشت تا شەوانیش هەر کارم لەسەر ساڕێژکردنی دڵە شکاوەکانی ناو تابلۆکانم بکردایە، دوای ئەوە لە خاڵێکی نادیاری ژیان ڕائەما و ئەیوت:

ئەی نابینی ڕێکخراوەکەی من جگە لە مۆری سووری لێوی خۆم، مۆرەکانی دی ڕەت دەکاتەوە، چونکە تەنیا بە قسەکانی خۆم ئەتوانم حەقیقەت بنووسمەوە.

دادوەرەکە تەماشای نامەکەی کرد و پرسیاری کرد ئەی ئەم ڕێگە پڕ پێچوپەنایە چییە؟ کە چاوێکی چەشنی شەراب مەست بۆی ئەڕوانێ؟

وتم جەنابی دادوەر نازانم؟ بەڵام ماوەیەک پێش ئێستا ئەم نامەیەی دامەتێ و وتی ئەو ئەمانەتەم بۆ هەڵگرە تا خۆم پێت ئەڵێم. لەسەر قسەکانم بۆ دادوەر بەردەوام بووم:

جارێکیان دڵبەند وێنەی شەقامێکی تەمومژاوی ئەکێشا و ئەیوت: ئەو ڕێگەیەی کۆتاییەکەی نادۆزمەوە.

پاشان بەحەسرەتەوە وتی چەند بێزارم، خانمێکی هاوڕێمان لەولاوە وتی تۆ بۆ؟ ئیدی ئێستاش زەردەخەنە پڕ مەغزاکەی دڵبەند لە بیرەوەریم دەرناچێ کە تەماشای ئەوی کرد، یان هەندێ جار لەگەڵ ڕەشکردنەوەی پەڕەیەکی سپی بەردەستی بۆ ساتێک ڕادەما و ئەیوت:

ئای خودایە، هەتاکو کەی چاوەڕوانی زانینی ڕاستییەکان بم؟ ئەوجار ڕووی ئەکردە من و ئەیوت:

ئاخ هەڵوێست گیان وا دەمرم و کەس نازانێ چی خەمێکم هەڵگرتووە.

دادوەر وتی چیتر لە بارەیەوە ئەزانی، ئەو کێشەی دەروونی هەبوو؟

وتم جەنابی دادوەر ئەو کێشەی هاوڕێکانی خۆی چارەسەر ئەکرد، تەمەنێکە ئێمە هاوڕێین، هەرگیز ئەو کێشەی دەروونی نەبووە.

ئەوەی سەیری فەیسبووکی دڵبەندی بکردایە، ئیرەیی پێ ئەبرد، هەمیشە وێنەکانی بەزەردەخەنەیەکی ئاڵ ڕازابووەوە، بەڵام خەمی شیرینی چاوەکانی زەردەخەنەکەی بە درۆ دەخستەوە و دوودڵی لای تەماشاکەر دروست ئەکرد.

کە سەیری تابلۆکانیشت بکردایە بەردەوام کچێکی لێو بە بزە و چاو بەگریان لە پەنجەرەیەکی بچووکەوە دەیڕوانییە دەرەوە، چەند دێڕێک لەسەر عەشق و ونبوون تایتڵی تابلۆ بە ویقارەکانی بوو.

لە نامەکەدا تابلۆیەکی تر کێشرابوو کە ناوونیشانی چاوەڕوانی هەڵگرتبوو، (مرۆڤێکی نادیار کە بەرەو نادیار ئەیڕوانی)

جەنابی دادوەر لێی پرسیم ئەمە مانای چییە؟ وتم نازانم...

هەراسان لەولاوە هەراسانتر ئەیڕوانییە ئەم بارودۆخە و هاتە دەنگ:

دڵبەند کێشەی دەروونی هەبوو من ڕاپۆرتم هەیە.

تا ئەو ڕۆژە کەس باوەڕی نەئەکرد ئەو دوو هاوسەرە ئەوەندە دووربن لەیەکترییەوە، ئەوان لە بەرچاوی خەڵکی نموونەی بەرزی عەشق بوون و خەڵکی هیوایان ئەخواست وەکو ئەوان بن.

ئەو ڕۆژەم بیرکەوتەوە کە دڵبەند و هەراسان پێکەوە تابلۆیەکیان ئەکێشا و برادەرێک بینینی و سێ جار وتی ماشەڵڵا. ئێستا زەردەخەنە پڕ مەغزاکەی دڵبەندم بیر کەوتەوە کە تەماشای هەراسانی کرد و دووبارە سەری بەردایەوە سەر تابلۆکە و لە تەواوکردنی تابلۆکە بەردەوام بوون.

ئیدی جەنابی دادوەر وێنەیەکی تری لە لاپەڕەکە بینی، کە وێنەی کلیلێک بوو ددانەکانی بەڕەش بۆیاغ کرابوو.

جەنابی دادوەر ڕووی کردە هەراسان و لێی پرسی ئایا تۆ هیچ کێشەیەکت لەگەڵ دڵبەند هەبوو کە تەنیا بە یەک ڕێگە چارەسەر بکرێ؟

هەراسان وتی جەنابی حاکم هەموو خەڵکی دەزانن من چەند کەسێکی هێمن و لەسەرخۆم و چەندە ئازادیخوازم، ئیتر ئەو پرسیارانە چییە؟؟

دادوەر بەتووڕەییەوە پێی وت باشە تۆش وەکو دڵبەند شێوەکار نیت؟ بۆ ناتوانی ئەم وێنانە بخوێنیتەوە؟

هەراسان وتی:

جەنابی دادوەر پێم وتی دڵبەند تووشی نەخۆشی دەروونی بووبوو، ئەمەش ڕاپۆرتە پزیشکییەکەیە.

دادوەرەکە بەتووڕەییەوە پێی وت بێدەنگ بە.

وێنەیەکی تری ناو لاپەڕەکـە پێکێکی پڕ لەشـەرابی سوور بوو، بەدەستێکی سپییەوە کە بۆ لێوێکی سووری ئەبرد.

دڵبەندم بیرکەوتەوە کە ڕۆژێک لەسەر بابەتی خیانەت قسـەمـان ئەکـرد، وتی مـرۆڤ خـۆی ژەهر خوارد بکات باشترە لەوەی خیانەت بکات.

ئیدی ویستم باسی بکەم، بەڵام جەنابی دادوەر پرسی ئەی ئەم ڕایەخە سپییە پەڵاوییە چییە دوو کەسی بەدیارەوە دانیشتوون؟.

لەو کاتەدا (ڕەوا)ی هاوڕێی هەراسان و دڵبەند هاتە ژوورەوە، ئەویش زەرفێکی بەدەستەوە بوو، وتی جەنابی حاکم دەمەوێ شتێکتان بۆ باس بکەم کە پێوەندی بە دڵبەندەوە هەیە، ئەو ڕۆژەی باری تەندروستی دڵبەند تێکچوو هات بۆ تۆمارگەکەم و ئەم تابلۆنامەیەی کێشا و داوای زەرفێکی لێکردم و لەناوی دانا و وتی ئەوە با لای تۆ بمێنێتەوە.

پاشان بەزەردەخەنەیەکی فرمێسکاوییەوە وتی

ببوورە دوای تەمەنێک هاتم بۆلات، ئەوە هاتم و ئەمەوێ پێکەوە بین.

ئەوەی ڕاستی بێ تووشی شۆک بووم، چونکە من ساڵانێکی زۆر عاشقی پاکی و بێگەردی و کەسایەتی و ڕوحی جوانی دڵبەند بووم و نەمتوانیبوو پێی بڵێم، هەر لە دوورەوە حەسرەتکێش بووم بۆی. تا سێ ساڵێک بەر لە ئێستا کە هەستی خۆمم بۆی دەربڕی ئەو تەنانەت نەیویست گوێم لێ ڕابگرێ، پاشان بەنامە هەموو هەستی خۆمم بۆی دەربڕی، ئیتر هەرگیز وەڵامی نەدامەوە.

زۆر نامەم بە ماسنجەر بۆ ڕەوانە کرد، بەڵام ئەو نەیئەخوێندنەوە، ساڵ تێپەڕی و من بە عەشقی ئەوەوە ئەسووتام.

هەفتەیەک بەر لە ئەمڕۆ کە هات بۆ لام ڕەشێکی قەترانی پۆشیبوو و دەموچاوی تامی پاییزێکی بە ویقاریان ئەدا.

دادوەر تەماشای نامەکەی کرد و سەری بادا و وتی ئەمە کۆپییەکە لەو نامەیەی بەردەستم، ئەرێ ئەمە بلیمەت بوو، یان ئافرەت؟.

پاشان لێی پرسیم ئەی دوایی، چی ڕووی دا؟

ڕەوا چاوەکانی سڕینەوە و وتی دوای ساڵانێک لە پشتگوێ خستنی عەشقە ڕاستەقینەکەی من، بە چاوی فرمێسکاوییەوە وتی ڕەوا هاتووم پێکەوە بین، فرمێسکەکانی بەخوڕ ئەبارین و پێکێکی لە جانتاکەی دەرهێنا، پاشان شووشەیەک شەرابی سووری دەرکرد و بە گریانەوە پێکەکەی لێ پڕ کرد، باش دەیزانی من ئەمە بە گوناه دەزانم...

وتم باشە بۆچی دەگریت؟

ئەو بەدەم خواردنەوەی شەرابەکەوە فرمێسکی ئەباراند، وەکو خواوەندێکی مەزن قسەی ئەکرد.

پێی وتم:

ڕەوا تۆ ئەزانی دڵم لە دەست دا؟ مەگەر منیش وەکو ئەو بم

وتم ئەوە تۆ چی ئەڵێی؟

بەزەردەخەنەیەکی هیستیرییەوە وتی تازە من هەموو شتێکم لەدەست داوە، کە شتە ڕوحییەکان درۆ بوون، ئیتر مانەوەم بە پاکی ئەستەمە.

ئەم هەڵسوکەوتەی بەلامەوە زۆر سەیربوو، ئەو هەمیشە شانازی بە مەریەمی پاکیزەوە دەکرد، بەو ڕادەیەی مەدالیایەکی مەریەمی لە مل کردبوو، ئەو ڕۆژەی هاتە لای من مەدالیاکەی لێ کردەوە و فڕێی دایە ناو سەبەتەی خۆڵەکەی تەنیشتییەوە و زنجیرە زیوەکەشی لە تەنیشت خۆیەوە دانا، پاشان لەسەر خواردنەوەی شەراب و ڕژاندنی فرمێسک بەردەوام بوو.

وتم بۆچی دەگری؟

وتی ڕەوا، ویستم بە پاکی بژیم، بەڵام لێت ناگەڕێن بە پاکی بمێنیتەوە.

پاشان فرمێسکەکانی سڕییەوە و وتی حەز ناکەی پێکەوە بین؟

تەماشایەکم کرد و وتم:

دوای بیست ساڵ لە خۆخواردنەوە و سێ ساڵ لە ڕاستگۆیی تازە هاتوویت بۆ تۆڵەسەندنەوە من بەکار بێنی؟ پاشان چۆن دڵم دێ پەرییەکی وەکو تۆ پیس بکەم؟

هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی نا من خۆم دەمەوێ، پێش ڕۆیینی ئەبەدیم شتێک بە دڵی خۆم بکەم و بەخواستی خۆم تێکەڵاوی ئەو پیاوە بم کە مێژوویەکە عاشقم بووە، ئێستا من ئامادەم تا هێزم تیایە ماچت بکەم، تا خەمم بڕکا هەناسەمان تێکەڵ بکەین، ئای ڕەوا ئەوەشم پێ ڕەوا نابینی؟

ئیتر چاوم پڕ بوو و نەمتوانی بەر لە گریانەکەم بگرم.

تۆمارگەکە پڕ بوو لە هەناسەی گەرمی دڵبەند، جار جار برگەیەکی گۆرانییەکی هەناسەسوار لەو مشتومڕە تاڵە بە ئاگای دەهێنایەنەوە.

بۆنی شەراب و وشە ساردەکانمان هەموو چرکەیەک خیانەتیان وەبیر دەهێنایەنەوە.

ئەو دانیشت و وتی (ڕەوا) ئەزانی بۆ ئەوەی (هەراسان) دوای من تووشی بەندیخانە نەبێ، چوومەتە لای پزیشکی دەروونی و ڕاپۆرتێکم پێی نووسیوە، گوایە

من نەخۆشیی دەروونیم هەیە.

ڕەوا درێژەی بەقسەکانی دا:

جەنابی حاکم خۆم بۆ نەگیرا و تووڕەیی گرتمی، وتم قسەی قۆڕ، چۆن ئەبێ هونەرمەندێکی دەستڕەنگینی وەکو تۆ، مافپەروەرێکی خۆبەخش کە ڕۆژ تا ئێوارە داکۆکی لە مافی خەڵکی دەکەی، عاشقێکی دڵشکاو کە تا ئێوارە لە پێناو بەرزڕاگرتنی ناو و ناوبانگی خێزانەکەت حەسرەتەکانت دەشاریتەوە، خۆت بەشێت ناوزەد بکەی؟ مەحاڵە ڕێگەت پێ بدەم.

پاشان پێم وت دڵبەند گیان من لەگەڵ هەراسان قسە ئەکەم تا کێشەکەتان چارەسەر بکەن.

فرمێسکەکانی دڵبەند نەئەوەستان، وتی ڕەوا تازە نەئەتوانم جیا ببمەوە و نە ئەو هەموو سووکایەتی پێکردنەم لەبیر ئەچێتەوە، لەبەر ئەو دوو منداڵە جوانەم، بۆیە بەڵێنم داوە لە ناو ئەو خێزانە دەرنەچم، تەنیا مەرگ چارەسەری ئەم کێشەیەی من ئەکا.

دوای ئەم مشتومڕە داوای لاپەڕەیەکی گەورەی لێکردم و کەوتە کێشانی ئەم وێنانە

لە ژێر ناوونیشانی (ستراتیجییەتی پاراستنی نهێنییەکان) ئەم کۆمەڵە وێنانەی کێشا، جار بەجار سەری هەڵئەبڕی و ئەیوت تەنیا ئەم نەخشەیە چارەسەری کێشەکانی من و هەراسان دەکات.

ئیتر داوای زەرفێکی لێکردم و وتی ئەم تابلۆنامەیە بۆ تۆ، هیچ نەبێ با لای تۆ بێ تا خۆم لێتی داوا دەکەمەوە بیپارێزە. بەم شێوەیە ئەم نامەیەم لێی وەرگرت.

دوای تەواوکردنی وێنەکە باوەشی پێدا کردم و ماچێکی نێوچەوانی کردم، من زۆرم پێ ناخۆش بوو، چونکە هەستم کرد ئەوەی لەبەر عەشقە درێژخایەنەکەی من نەبوو، بگرە ماچی تۆڵەسەندنەوە بوو لە هەراسان.

پاشان سەری خستە سەر سینگم و گریانی مێژوویەک لە نائومێدی هەڵڕشتە سەر سینگە تینووەکەم.

هەر بەو گریانەوە لەسەر سینگم خەوی لێکەوت، هەرچەندم کرد نەمتوانی بێداری بکەمەوە، کەوتە سەر زەوییەکە، زۆر بانگم کرد، هەڵمگرت و لەسەر قەنەفەی تۆمارگەکە ڕامکشاند، وەکو شێت بەربوومە ماچکردنی ڕووی پاییزی و پەری ئاسای، بەڵام دیاربوو بڕیاری ڕۆیینی کۆتایی دابوو.

تەلەفۆنم بۆ هەراسان کرد، بەپەلە هات تا گەیاندمانە نەخۆشخانە.

هەرچیم لە هەراسان پرسی، هەر ئەیوت بوومە بە فلیم بەدەستییەوە، کە پرسیم بۆ؟ وتی ئەی نازانی دڵبەند کێشەی دەروونی هەیە؟.

هەر لە ڕێگە بووین ئافرەتێک تەلەفۆنی بۆ هەراسان کرد، ئەیوت ها هەراسان کەی لەو شێوەکارە شێتە ڕزگارمان ئەبێ؟

هەراسانیش پێی وت دوایی قسە ئەکەین و مۆبایلەکەی داخست.

هەراسان خۆی بۆ ڕانەگیرا و وتی: ئەوە درۆیە جەنابی حاکم.

پاشان لە لێکۆڵینەوەکان ڕاستیی قسەکانی ڕەوا سەلمێنرا، ئەویش لەڕێگەی تۆڕی کۆڕەکەوە.

دڵبەند بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی بە خیانەتکردن بکاتەوە، بۆلای من هاتبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کەسێکی زۆر پاک و بێگەرد بوو، نەیتوانی ئەوە بکات، ژەهری کردبووە ناو شەرابەکەیەوە.

دوای ئەو زانیاریانەی ڕەوا دای بە دادوەر، بڕیاری دەستگیرکردنی ڕەواش درا، چونکە لە تۆمارگەکەی ئەو وای لێهاتبوو و پێکە شەرابە ژەهراوییەکەی خواردبووەوە.

هەراسانیش دوای ئەوەی دانی بە خیانەتەکەی نا، چەند مانگێک حوکم درا، کە لێکۆڵینەوە لە پزیشکە دەروونییەکەش کرا، زانییان دڵبەند داوای ئەو ڕاپۆرتەی کردووە و ئەو ئەوەندە خێزانەکەی خۆی خۆش ئەویست نەیویست لە خۆکوشتنەکەشی کەمترین زیان بە خێزانەکەی بگات و هەمووی خستە ئەستۆی خۆی.

بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لە هەراسان بسەنێتەوە، ویستی پێش ئەوەی بمرێ خیانەتی لێ بکا، بەڵام نەیتوانی خیانەتەکە بکا، پاکی و بەرائەتی دڵبەند و ڕەواش ئاشکرا بوو، ئەویش لە پشکنینی تەرمەکەی دڵبەند ئەوە دەرکەوت کە لەو ڕۆژە پەیوەندی سێکسی نەکردووە.

پاش ماوەیەک بە بڕیاری دادوەرێکی نادادوەر، هەراسان بەرائەت دەرچوو و لەگەڵ ئەو ئافرەتە هاوسەرگیری کرد کە بووە هۆی تێکدانی ژیانی ئەو خێزانە.

ڕوحی دڵبەندیش وەکو پەپوولەیەکی سپی بەسەر سەری منداڵە جوانەکانییەوە هەڵئەفڕێ، بەڵام ئەوەی ڕوحی ئەوی شادتر ئەکرد، هەریەک لەوان دڵبەندێک بوون.

**٢٩-١٢-٢٠١٧ هەینی**